**بوون به شایەت**

# کەڵك وەرگرتن لە رێ و شوێنە تایبەتەکان

**کتێبۆکەیەکە بۆ شایەتە باڵغەکان لە رەوتەکانی گوێگرتن لە کەیسەکانی پێوەندار بە تاوانباران و منداڵان لە دادگادا**

safer
scotland
SCOTTISH GOVERNMENT

**قازانجی رێ و شوێنه تایبه‌ته‌کان**

**کتێبۆکه‌یه‌که بۆ شایه‌ته بالغه‌کان له ره‌وته‌کانی گوێگرتن له که‌یسه‌کانی تاوانباران و منداڵان له دادگادا.**

**ئه‌م وێنانه‌ی که له‌م نامیلکه‌یه‌دا که‌لکیان لێوه‌رگیراوه له سی دییه‌کی حکوومه‌تی سکۆتله‌ندا به‌ناوی 'بوون به شایه‌ت' وه‌رگیراون - ئه‌م سی دییه بریتییه له رێنمایه‌ك بۆ شایه‌تانی منداڵان و باڵغانی ژێرمه‌ترسی.**

**سوپاسێکی تایبه‌ت بۆ هه‌موو ئه‌و لایه‌نانه‌ی به‌شدارییان له‌م کاره‌دا کردوه.**

# ناوەڕۆک

پێشەکی 2

شایەتی لە ژێرمەترسیدا چیە؟ 3

ئەو ڕێ و شوێنە تایبەتانەی خراونەتە بەردەست ئەو شایەتانەی کە ژێرمەترسیدان و دەیانەوێت شایەتی بدەن 6

ڕێ و شوێنی تایبەت — کەڵك وەرگرتن لە شاشە 9

ڕێ و شوێنی تایبەت — کەڵك وەرگرتن لە پێوەندیی تەلەفزیۆنی 10

ڕێ و شوێنی تایبەت — کەڵك وەرگرتن لە پشتیوانێك 12

ڕێ و شوێنی تایبەت — کەڵك وەرگرتن لە ئیفادەیەکی کۆن 15

ڕێ و شوێنی تایبەت — ئەو دەستاوێژەی کە لەلایەن کۆمیسیۆنە ڕێکەوە وەرگیراوە 16

بیر و بۆچوونت 18

# پێشەکی

بوون بە شایەتی دادگا لەوانەیە ئەزموونێکی نوێ و نامۆ بێت.

هەندێك شایەت هەن کە لەوانەیە بەهۆی بارودۆخی ژیانیان یان لەبەر جۆری ئەو دەستاوێژەی کە لەوانەیە داوایان لێ بکردرێت بە دادگای بدەن بە شێوەیەکی تایبەت لە ژێر مەترسی دابن.

پێویستە پێشەکی زانیاری بە شێوەی نامیلکە یان کتێبۆکە سەبارەت بە واتای شایەت بوون و چوون بۆ دادگا بە هەموو شایەتێك درابێت.

ڕێگا جۆراوجۆر بۆ یارمێتیدان بە شایەتی ژێر مەترسی هەیە تا کو ئەو بتوانێ هویەکانی بهێنیتە ئاراوە کە بەم شێوازانە کارە تایبەتەکان دەگورتێ.

ئەم کتێبۆکەیە هەندێك زانیاری بۆ ئەو شایەتە باڵغانە دەستەبەر دەکات کە لەوانەیە بەهۆی چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە ڕێ و شوێنی تایبەت بەمەبەستی یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی شایەتی بدەن لە ژێر مەترسی دابن.

ئەم کتێبۆکەیە پێت دەڵێت ئەم ڕێ و شوێنە تایبەتانە چین و چۆن دەتوانن یارمەتیت بدەن.

# شایه تی له ژێر مه ترسیدا چییه ؟

په رله مانی سکۆتله ند له ساڵی 2004دا چه ند یاسایه کی به مه به ستی یارمه تیدانی ئه و شایه تانه ی که زیاتر له ژێر مه ترسی دان په سند کرد. ئامانجی یاسای شایه تی ژێرمه ترسی (سکۆتله ندا) بریتییه له باشترکردنی ئه و ڕێ و شوێنه تایبه تانه ی که وا بۆ پشتگیری کردن شایه ته کان له به ر ده ستدان، بۆ یارمه تیدانی ئه و شایه تانه ی که وا زیاتر له ژێر مه ترسی دان بۆ ئه وه ی بتوانن به باشترین شێوه ده ستاوێژه کانی خۆیان ده سته به ر بکه ن.

**دادگا له وانه یه وای هه ڵسه نگێنێت که هه ندێك له شایه ته کان له وانه یه به شێوه یه کی تایبه ت له ژێر مه ترسیدابن له حاڵه تێکدا که جۆری شایه تییه که یان بکه وێته ژێر کاریگه ری ئاڵۆزی باری ده روونیان یان ترسان یان دڵه ڕاوکێ له ئه نجامی شایه تیدانیان له دادگادا.**

**ئاڵۆزی باری ده روونی ده توانێ نه خۆشی زه ینی و مێشك یان که مئه ندامه تی فێربوون بێت. ترسان یان دڵه ڕاوکێ ده توانێ به هۆی چه ند شتێکی جیاوازه وه بێته ئاراوه.**

**ئه گه ر پێت وایه که له وانه یه شایه تێکی له ژێر مه ترسیدابیت، پێویسته ئه م بابه ته له گه ڵ ئه و که سه ی داوات لێده کات وه کو شایه ت له دادگا ئاماده بیت باس بکه یت (دادوه ری گشتی، په یامنێری منداڵان یان پارێزه ر به گوێره ی که یس). ئه وان له گه ڵت باسی بارودۆخه که ت ده که ن و له وه ش ده کۆڵنه وه که ئایا گونجاوه داوا له دادگا بکه ن بۆ ئه وه ی که ڵك له ڕێ و شوێنی تایبه ت وه ربگریت یان نا.**

**قازانجی رێ و شوێنه تایبه ته كان**

ئه گه ر ئه و كه سه ی كه داوات لێده كات وه كو شایه ت له دادگا ئاماده بیت له و بڕوایه دابێت كه به گوێره ی یاسای ناوبراو به شایه تێكی ژێر مه ترسی داده نرێیت، ئه و كه سه باسی ئه م بابه ته ت له گه ڵ ده كات. ئه و هه روه ها ئه و داواكاریه شت بۆ روون ده كاته وه كه پێویسته ئاراسته ی دادگای بكات (ئه و دادوه ر یان شێریفه ی مامه ڵه له گه ڵ كه یسه كه ده كات) بۆ ئه وه ی كه ڵك له رێ و شوێنه تایبه ته كان وه ربگریت.

داواكارییه كه پێویسته ئه م ورده كارییانه له خۆ بگرێت:

- بۆچی پێویسته به شایه تێكی ژێرمه ترسی دابنرێیت، وێڕای هه موو زانیارییه كی زیاتر كه به مه به ستی پشتگیری كردن له داواكارییه كه ئاماده ده كرێت؛
- بیر و بۆچوونی خۆت سه باره ت به وه ی كه ده ته وێت زیاتر كه ڵك له چ جۆره رێ و شوێنێكی تایبه ت وه ربگریت؛
- ئایا ئه مه به گونجاوترین رێ و شوێنی تایبه ت به مه به ستی پشتگیری كردنت داده نرێت له و ماوه یه دا كه ده ستاوێژی خۆت له دادگا راده گه یێنیت.

دادوه ر یان شێریف پێویسته به ته واوی دڵنیابێت كه بۆ ئه وه ی به شایه تێكی ژێر مه ترسی دابنرێیت هه موو مه رجه یاساییه كان جێ به جێ ده كه یت، و بۆ ئه م كاره، ئه وان هه موو ئه و داوای زانیارییانه ده كه ن كه له داواكارییه كه دا ده سته به ر ده كرێن.

ئه گه ر دادوه ر یان شێریف به وه ره زامه ند بن كه به گوێره ی ناوه ڕۆكی یاساكه به كه سێكی ژێرمه ترسی داده نرێیت، ئه وان پێویسته له وه ورد ببنه وه كه ئه گه ر ناچار بیت به بێ كه ڵك وه رگرتن له رێ و ره سمی تایبه ت شایه تی بده یت چ كاردانه وه یه كی له سه ر ده بێت و هه روه ها ئایا بۆت باشتر ده بێت به كه ڵك وه رگرتن له رێ و شوێنی تایبه ت ده ستاوێژی خۆت به دادگا رابگه یێنیت.

**ئه وه دادوه ر یان شێریفه كه ده توانن رێگه به شایه تێك بده ن كه ڵك له رێ و ره سمی تایبه ت وه ربگرێت و سه باره ت به گونجاوترین رێ و شوێنی تایبه تیش بڕیار ده ده ن.**

**قازانجی ڕێ و شوێنە تایبەتەکان**

لەوانەیە ئەم کتێبۆکەیەکت پێدرابێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات بزانیت هەرکام لەم ڕێ و شوێنە تایبەتانە چین و چۆن دەتوانن یارمەتیت بدەن.

ژمارەیەکی زۆر لە شایەتان سەبارەت بە دەستەبەرکردنی دەستاوێژ نیگەرانن و هەندێکیان لەوانەیە بەگوێرەی یاسا بە شایەتی ژێرمەترسی دابنرێن. وێڕای ئەوە، هەموو شایەتێك پێویستی بە کەڵك وەرگرتن لە ڕێ و شوێنە تایبەتەکان نابێت.

**لەبیرت بێت**

**ئەگەر بەمەبەستی یارمەتیدانت بۆ دەستەبەر کردنی دەستاوێژ بە دادگا کەڵك لە ڕێ و شوێنێکی تایبەت وەربگریت یان نا، پشتگیریی تریش بۆ ئەو شایەتانە دەستەبەر کراون کە هەست دەکەن لە ژێر مەترسی دان.**

**بۆ نمونە، لەوانەیە بتوانی لە دەرگایەکی ترەوە بچیتە ناو باڵەخانەی دادگا، یان ڕاوەستیت بۆ ئەوەی دوور لە شایەتەکانی تر لە ژوورێکی ترەوە دەستاوێژی خۆت ڕابگەیێنیت. لەوانەیە بکرێت بەمەبەستی یارمەتیدانت لە ماوەی دەستەبەر کردنی دەستاوێژەکەت بە دادگا داوای کاتێکی پشوودانی زیاتر بکەیت، یان دادگا دانیشتنێکی داخراوی هەبێت و خەڵکی تر نەتوانن بەشداری تێدا بکەن.**

**لەگەڵ ئەو کەسەی کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت قسە بکە. ئەوان سەبارەت بە بارودۆخی تایبەتیت و ئەو شتانەی کە قازانجێکی زیاتریان بۆت دەبێت قسەت لەگەڵ دەکەن.**

# ئەو ڕێ و شوێنە تایبەتانەی دەخرێنە بەردەستی ئەو شایەتانەی لەژێر مەترسی دان و دەستاوێژ بە دادگا دەدەن

ئەگەر بە شایەتێك دابنرێیت کە بەگوێرەی یاسا لەوانەیە بەشێوەیەکی تایبەت بەکەسێکی ژێرمەترسی دابنرێیت، چەند ڕێ و شوێنێکی تایبەت هەن کە یارمەتیت دەدەن دەستاوێژی خۆت بە دادگا ڕابگەیێنیت بۆ ئەوەی بەتەواوی بەشداری لە ڕەوتی گوێگرتنی دادگا لە کەیسەکانی تاوانباران یان منداڵاندا بکەیت.

ئەم ڕێ و شوێنە تایبەتانە بریتین لە:

- شاشەیەك لە هۆڵی دادگا (لاپەڕە 9)؛
- پێوەندییەکی تەلەفزیۆنی بە دەرەوەی هۆڵی دادگا (لاپەڕە 10)؛
- پشتیوانێك (کەڵك وەرگرتن لە پشتوانێك) (لاپەڕە 12)؛
- ئیفادەیەکی کۆن کە پێشتر لەلایەن شایەتەکەوە ڕاگەیاندراوە (لاپەڕە 15)؛
- ئەو دەستاوێژەی کۆمیسۆنەر وەری گرتوە (لاپەڕە 16).

دەکرێت کەڵك لە ئاوێتەیەك لەم ڕێ و شوێنانە وەربگیردرێت. بۆ نمونە، لەوانەیە بیر لەوە بکەیتەوە کەڵك لە پێوەندیی تەلەفزیۆنی وەربگریت و هەروەها کەسێکی پشتیوانیشت هەبێت لە کاتی دەستەبەرکردنی دەستاوێژیەکەت بە دادگا لەتەنیشتت دابنیشێت.

**تکایە لەبیرت بێت کە ئەم ڕێ و شوێنە تایبەتانە تەنیا بۆ ئەو شایەتانە دەستەبەر دەکرێن کە بەشێوەیەکی تایبەت لەژێر مەترسی دان و پێویستە داواکارییەکی تایبەتیان بۆ ئاراستە بکرێت و دادگاش دەبێت ئەو داواکارییە پەسند بکات.**

**قازانجی ڕێ و شوێنە تایبەتەکان**

ئەگەر ئەو کەسەی کە داوات لێدەکات وەکو شایەتێک لە دادگا ئامادە بیت پێی وابێت لەوانەیە کە سێکی ژێرمە ترسی بیت و مەترسییەکی بەرچاویش هەبێت کە کاردانەوەی لەسەر دەستاوێژەکەت دابنێت، ئەوان بیر لە ئاراستە کردنی داواکاریکارییەک بۆ دادگا دەکەن بۆ ئەوەی بتوانی کەڵک لە یەکێک یان چەند ڕێ و شوێنێکی تایبەت وەربگریت کە پێشتر ئاماژەمان پێداون.

ئەوان پێویستە ڕێ و شوێنە تایبەتەکان ڕوون بکەنەوە و پێشت بڵێن بەگوێرەی پێداویستییە تایبەتەکانت و باردۆخی کەیسەکە چ جۆرە ڕێ و شوێنێک بۆت بەقازانجتر دەبێت.

داواکارییەکە پێویستە زانیاریی بۆ پشتگیری لە کەیسەکەتی تێدابێت بۆ ئەوەی بتوانی کەڵک لە ڕێ و شوێنە تایبەتەکان وەربگریت. ئەو زانیارییە دەتوانێ زۆر کورت بێت، یان بەگوێرەی پێویست دەتوانێ تێر و تەسەلتر بێت. لە هەندێک حاڵەتدا ئەو زانیارییەی کە بۆ پشتگیری لە داواکارییەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە ڕێ و شوێنی تایبەت دەدرێت لەوانەیە تایبەتی یان هەستیار بێت، ئەمەش بەگوێرەی هۆکارە تایبەتەکانی ژێرمەترسیداربوونتە .

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی ژێرمەترسیداربوون، یان بۆ ئاراستەکردنی داواکارییەک بۆ دادگا بۆ ئەوەی بتوانی کەڵک لە ڕێ و شوێنە تایبەتەکان وەربگریت، ئەو کەسەی کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێک لە دادگا ئامادە بیت سەبارەت بە بارودۆخەکەت وتووێژت لەگەڵ دەکات. لە هەندێک حاڵەتدا، لەوانەیە داوای ڕەزامەندیی خۆت لێ بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە باری تەندروستیت پێوەندی بە دکتۆر یان یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتیەکەتەوە (سۆشیاڵ ووٚرکر) بکەن بۆ پاڵپشتی ئەو داواکارییەی کە ئاراستەی دادگای دەکەن.

**قازانجی ڕێ و شوێنە تایبەتەکان**

**تکایە سەرنج بدە کە هەندێک یان سەرجەمی ئەو زانیاری یان راپۆرتە تایبەتانەی کە سەبارەت بە سەلماندنی ژێرمەترسی بوونت بەشێوەیەکی تایبەت ئامادە دەکرێن، لەوانەیە بەشێک لەو داواکارییە پێک بێنن کە بەمەبەستی قازانج وەرگرتن لە ڕێ و شوێنە تایبەتەکان ئاراستەی دادگا دەکرێت و هەر بۆیەش کەسی تاوانبارکراو یان نوێنەرانی یاسایی ناوبراو چاویان پێی دەکەوێت یان لێی ئاگادار دەبن.**

**ئەگەر هەر جۆرە نیگەرانییەکت سەبارەت بەم بابەتەوە هەیە، تکایە لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکە کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێک لە دادگا ئامادە بیت.**

**گرنگە لە بیرت بێت کە دادوەر یان شێریف هەرچەندە بەرژەوەندیی تۆ وەکو شایەتێک لەبەرچاو دەگرێت بەڵام هاوکات پێویستە بەرژەوەندیی دادوەریش لەبەرچاو بگرێت و لێی روون بێت کارەکانی دادگا یان گوێگرتن بەشێوەیەکی عادڵانە بەڕێوە دەچن.**

# رێ و شوێنی تایبه ت – که ڵك وه رگرتن له شاشه

ئه گه ر به گوێره ی یاسا به شایه تێکی ژێرمه ترسی دانرابیت، و ئه و که سه ی داوای لێکردوویت وه کو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت له و برِوایه دابێت که ئه گه ر دیتنی که سی تاوانبارکراو یان که سانی تری به شدار له که یسه که دا له وانه یه کاریگه ری له سه ر ده ستاوێژه که ت هه بێت، که ڵك وه رگرتن له شاشه له ناو هۆڵی دادگادا له وانه یه یارمه تیت بدات ده ستاوێژی خۆت رابگه یێنیت.

ئه م شاشه یه وه کو تێخه یان په رده یه ك وایه که له ته نیشت شوێنی دانیشتنی شایه ت و له نێوان تۆ و که سی تاوانبارکراو (یان که سانی به شداری تر له که یسه که ) داده نرێت. له ئه نجامدا چاوت به که سی تاوانبارکراو ناکه وێت. ئه و که سانه ی که چاوت پێیان ده که وێت بریتی ده بن له دادوه ر (و ئه ندامانی جووری ئه گه ر له دادگا بن)، شێریف و هه واڵنێری منداڵان و هه موو ئه و پارێزه رانه ی که ده ستیان له ره وتی دادگادا هه یه .

وێرِای ئه وه، گرنگه له وه ئاگادار بیت که له کاتی ده سته به رکردنی ده ستاوێژه که ت به دادگا، که سی تاوانبارکراو یان که سانی تر که له وبه ری شاشه که ن ده توانن به شێوه یه کی نارِاسته وخۆ و له رێگه ی شاشه ی ته له فزیۆنی دادگاوه چاویان پێت بکه وێت.

# ڕێ و شوێنی تایبەت –
# کەڵك وەرگرتن لە پێوەندیی تەلەفزیۆنی

ئەگەر ئەو کەسەی داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت لەو بڕوایە دابێت کە لەوانەیە شایەتێکی ژێرمەترسی بیت، و ئامادەبوونت لە دادگا لەوانەیە کاریگەرییەکی خراپ لەسەر دەستاویژەکەت دابنێت، لەوانەیە داوا لە دادگا بکرێت سەیری داواکاریەکەت سەبارەت بە کەڵك وەرگرتن لە پێوەندیی تەلەفزیۆنی بکات بۆ ئەوەی بتوانی دەستاویژی خۆت رابگەیێنیت.

ژووری **پێوەندیی تەلەفزیۆنی** لە هۆڵی دادگا و ئەو شوێنەی کە کاروباری دادگا یان گوێگرتن بەڕێوە دەچێت جیاکراوەتەوە. ئەم ژوورە زۆر جار لە ناو هەمان باڵەخانەی دادگا هەڵکەوتوە بەڵام دەکرێت لە باڵەخانەیەکی تریش دابنرێت.

تەلەفزیۆنەکە بە هۆڵی دادگاوە لکێندراوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی لە هۆڵی دادگا دانیشتوون بتوانن چاویان پێت بکەوێت و گوێ لە دەستاویژەکەت بگرن.

دادوەر یان شێریف یان پارێزەرانی ئامادە لە هۆڵی دادگا هەر کامە یان شاشەیەکی تەلەفزیۆن، میکرۆفۆن و کامیرایەکیان بۆ دانراوە، بەڵام تەنیا دەتوانیت ئەو کەسە ببینیت و دەنگی ئەو کەسە ببیسیت کە پرسیارەکانت ئاراستە دەکات. ناتوانیت چاوت بە هیچ کەسێکی تر لە هۆڵی دادگا، لەوانە کەسی تاوانبارکراو یان کەسانی تر بکەوێت.

**قازانجی ڕێ و شوێنه تایبه‌ته‌کان**

کۆنترۆڵی هه‌موو کامێراکان به‌ده‌ست دادوه‌ر یان شێریفه . کاتێك کامێراکان داده‌گیرسێن، ته‌نیا ده‌توانی سه‌یری دادوه‌ر، شێریف یان ئه‌و پارێزه‌رانه بکه‌یت که له هۆڵی دادگان و گوێ له ده‌نگی ئه‌وان رابگریت و ئه‌وانیش ده‌توانن بتبینن و گوێیان له ده‌نگی تۆ بێت.

**پێویسته له‌وه تێبگه‌یت که هه‌ر چه‌نده به‌هۆی پێوه‌ندیی ته‌له‌فزیۆنییه‌وه چاوت به که‌سی تاوانبارکراو یان که‌سانی به‌شداری تر له که‌یسه‌که ناکه‌وێت، ئه‌و که‌سه هێشتا ده‌توانێ له‌ماوه‌یه‌دا که ده‌ستاوێژی خۆت ئاراسته‌ی دادگا ده‌که‌یت له ڕێگه‌ی شاشه‌ی ته‌له‌فزیۆنی دادگاوه چاوی پێت بکه‌وێت.**

# ڕێ و شوێنی تایبەت –

# کەڵك وەرگرتن لە پشتیوانێك

زۆربەی ئەو شایەتانەی پێیان وایە لەژێر مەترسیدان لەوانەیە لەکاتی دەستەبەرکردنی دەستاوێژەکەیان هەست بە تاك و تەریکییەکی زۆر بکەن و ئەگەر کەسێك لە هۆڵی دادگا یان لە ژووری پێوەندیی تەلەفزیۆنی لە تەنیشتیان دابنیشێت هەست بە ئارامی بکەن. ئەم کەسە بە پشتیوان ناسراوە. ئەم کەسانە دەتوانن تەنیا لە ڕێگەی بوونیان لە دادگادا پشتگیریت لێ بکەن کاتێك دەستاوێژی خۆت رادەگەیێنیت.

پشتیوانەکەت هەروەها دەتوانێ پێش ئەوەی دەستاوێژەکەت بە دادگا رابگەیێنیت پشتگیرێت لێ بکات و دڵت بداتەوە، و ئەگەر دادگا ڕێگە بدات، ئەو دەتوانێ لە ماوەی هەموو کاتێکی پشوودانیشدا لەگەڵت بێت.

**بەڵام پشتیوانەکەت ناتوانێ لە هیچ بەشێکی دەستاوێژەکەتدا یارمەتیت بدات. ئەو نابێت دەست لە کارەکانت وەربدات، یان هەوڵ بدات بە هەر شێوەیەك بێت کاریگەری لەسەر دەستاوێژەکەت دابنێت. کاتێك لە ماوەی دەستەبەر کردنی دەستاوێژەکەت بە دادگا لە تەنیشتت دادەنیشێت، نابێ یارمەتیت بدات یان قسەکانت پێ ببڕێت.**

ئەگەر ئەو کەسەی داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت بەمەبەستی کەڵك وەرگرتن لە ڕێ و شوێنێکی تایبەت داواکارییەکی ئاراستە کردوە، دەتوانی پێی بڵێی حەز دەکەی چ کەسێك بکەی بە پشتیوانی خۆت، هەر چەندە دوایین بڕیار بەدەست دادگایە.

**قازانجی رێ و شوێنە تایبەتەکان**

زۆربەی شایەتەکان پێیان باشترە کەسێك پشتیوانیان لێ بکات کە دەیناسن و بە بوونی ئەو لە کاتی دەستە بەرکردنی دەستاوێژەکەیان بە دادگا هەست بە ئارامی دەکەن.

ئەمانە چەند شتێکن کە دەتوانی لە کاتنی بڕیاردان سەبارەت بە هەڵبژاردنی پشتیوانەکەت لە دادگادا لەبەرچاویان بگریت:

- ئەگەر ئەو کەسەی دەتەوێ وەکو پشتیوان لەگەڵت بێت لەلایەن دادگاوە وەکو شایەتێك داوا کرابێت، ئەوا هەتاکو شایەتییەکەی تەواو نەبێت ناتوانێت ببێ بە پشتیوانت؛
- پێویستە هەوڵ بدەیت بیر لەوە بکەیتەوە کە ئەگەر پشتیوانەکەت گوێی لە دەستاوێژەکەت بوو لەوانەیە چ کاردانەوەیەك لە خۆی نیشان بدات. بۆ نمونە، لەوانەیە بتەوێت نەتەوێت ئەندامانی خێزان یان هەوالانت گوێیان لە هەندێك لە وردەکارییەکانی دەستاوێژەکەت بێت. ئەگەر پێت وایە لە دادگادا ناڕەحەت یان تووڕە دەبن، ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی ناڕەحەت بوونی خۆشت. لەوانەیە بڕیار بدەیت کە پشتیوانەکەت لە دەرەوەی خێزانت بێت.
- ئەو کەسەی کەوا دەتەوێت وەکو پشتیوان لەگەڵت بێت لەوانەیە زۆر شت سەبارەت بە کەیسەکە بزانێت و دادگا لەوانەیە پێی وابێت کە ناوبراو دەتوانێ کاریگەری لەسەر قسەکانت دابنێت. لە هەندێك حاڵەتدا، دادگا لەوانەیە لەبەر ئەم هۆیە ئەو کەسەی بە پشتیوانی خۆتی دەناسێنی پەسند نەکات؛

**قازانجی رێ و شوێنه تایبه‌ته‌كان**

- له‌وانه‌یه له‌ كاتی ئێستادا له‌ لایه‌ن رێكخراوێكی تایبه‌تمه‌ندی پشتگیری یان به‌رێوه‌به‌رایه‌تییه‌كی كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه پشتگیری بكرێیت و بته‌وێت ئه‌وان به پشتیوانی خۆت بناسێنیت.

ئه‌و كه‌سه‌ی كه داوای لێكردوویت وه‌كو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت ده‌بێ بتوانێت هه‌ندێك ئامۆژگاری و یارمه‌تیت سه‌باره‌ت به هه‌ڵبژاردنی پشتیوان پێشكه‌ش بكات. له هه‌ندێك كه‌یسی تاوانبارانه‌دا، VIA یان خزمه‌تگوزاریی پشتگیری له قوربانیان له‌وانه‌یه سه‌باره‌ت به‌م بابه‌ته قسه‌ت له‌گه‌ڵ بكه‌ن.

**هه‌میشه گرنگه له‌بیرت بێت كه پشتیوانه‌كه‌ت ناتوانێت سه‌باره‌ت به ده‌ستاوێژه‌كه‌ت یارمه‌تیت بدات و ناشتوانێت له دادگادا وه‌ڵامی هیچ پرسیارێكت بداته‌وه.**

ئه‌گه‌ر دادگا رێگه‌ی پێداویت پشتیوانێكت هه‌بێت، پشتیوانه‌كه‌ت ده‌توانێ له ته‌نیشتت دابنیشێت كاتێك له هه‌ركام له رێ و شوێنه تایبه‌ته‌كانی په‌سندكراو له لایه‌ن دادگاوه كه‌ڵك وه‌رده‌گریت.

# ڕێ و شوێنی تایبەت – کەڵک وەرگرتن لە ئیفادەیەکی کۆن

ئەگەر شایەتێکی ژێرمەترسی لە کەیسێکی تاوانبارانەیت و چاوپێکەوتنی نێوان تۆ و پۆلیس بە وێنە یان دەنگ تۆمار کراوە، یان ئیفادەیەکی نووسراوت لێ وەرگیراوە، ئەو کەسەی داوای لێکردوویت لە دادگا ئامادە بیت لەوانەیە بتوانێت داوا لە دادگا بکات ڕێگە بدات وەکو بەشێک لە دەستاوێژەکەت ئەم شریتانە لە دادگا لێبدرێن یان ئیفادەکەت بخوێنرێتەوە.

لە ڕەوتی دادگادا، لەوانەیە داوات لێبکردرێت سەیری ئەو شریتانە بکەیت یان گوێیان لێ بگریت یان گوێ لە خوێندنەوەی ئیفادەکەت رابگریت و دوای ئەوە سەبارەت بەو شتانەی لە ئیفادەکەتدا گوتووتن پرسیارت لێدەکرێت.

کەڵک وەرگرتن لەم ڕێ و شوێنە تایبەتە بەو واتایە نییە کە چیتر سەبارەت بە ئیفادەی پێشووت پرسیارت لێ ناکرێت.

لەبیرت بێت کە تۆ هێشتا لەلایەن هەرکام لە پارێزەرکانی بەشدار لە کەیسەکەوە پرسیارت لێدەکرێت، بۆ نموونە پارێزەرێک کە بۆ کەسی تاوانبارکراو کار دەکات.

ئەگەر ئەو کەسەی کە داوای لێکردوویت وەکو شایەت لە دادگا ئامادە بیت بەنیازە کەڵک لەم ڕێ و شوێنە تایبەتە وەربگرێت، ئەم بابەتە زیاتر بۆ روون دەکاتەوە و لە بیر و بۆچوونی خۆشت دەپرسێت.

# ڕێ و شوێنی تایبه‌ت –

# ئه‌و ده‌ستاوێژه‌ی كه‌ له‌لایه‌ن كۆمیسیۆنه‌ ڕێكه‌وه‌ وه‌رگیراوه‌

له‌ هه‌ندێك حاڵه‌تدا، ئه‌گه‌ر به‌ شایه‌تێكی ژێرمه‌ترسی بناسرێیت، ئه‌وا دادوه‌ری گشتی، هه‌واڵنێری منداڵان یان پارێزه‌ر له‌وانه‌یه‌ بیانه‌وێت پێش ئه‌وه‌ی كه‌یسه‌كه‌ له‌ دادگا ده‌ست پێ بكات ده‌ستاوێژه‌كه‌ت تۆمار بكه‌ن. دادگا له‌وانه‌یه‌ به‌مه‌ ره‌زامه‌ند بێ ئه‌گه‌ر له‌و بڕوایه‌ دابێت كه‌ ئه‌گه‌ر تا ڕێكه‌وتی دادگا چاوه‌ڕوان بیت ئه‌وا له‌وانه‌یه‌ له‌سه‌ر جۆری ده‌ستاوێژه‌كه‌ت كاریگه‌ری هه‌بێت. ئه‌مه‌ به‌ ده‌سته‌به‌ر كردنی ده‌ستاوێژ به‌ كۆمسیۆنه‌ر ناسراوه‌. ئه‌و ده‌ستاوێژه‌ی كه‌ به‌ كۆمسیۆنه‌ری ده‌ده‌یت ده‌كرێت دواتر له‌ ماوه‌ی دادگادا كه‌ڵكی لێوه‌ربگیرێت.

ده‌سته‌به‌ر كردنی ده‌ستاوێژێك به‌ كۆمسیۆنه‌رێك به‌و واتایه‌یه‌ كه‌ ده‌ستاوێژی خۆت له‌ كات یان شوێنێكی جیا له‌ كه‌یسی دادگا ده‌سته‌به‌ر ده‌كه‌یت.

له‌ هه‌ندێك بارودۆخدا، ئه‌م ڕێ و شوێنه‌ تایبه‌ته‌ ده‌كرێت له‌گه‌ڵ ده‌ستپێكردنی كه‌یسی دادگاش كه‌ڵكی لێوه‌ربگیردرێت.

دادگا كه‌سێك ده‌ستنیشان ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی وه‌كو كۆمسیۆنه‌ر كار بكات. به‌گوێره‌ی جۆری كه‌یسه‌كه‌، ئه‌م كه‌سه‌ ده‌توانێ دادوه‌ر یان پارێزه‌ر یان كه‌سێكی گونجاوی تر بێت. چه‌ند پرسیارێكت لێده‌كرێت و ده‌ستاوێژی خۆت به‌شێوه‌ی ئاسایی ڕابگه‌یێنه‌ به‌ڵام له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی ئه‌م كاره‌ له‌ به‌رانبه‌ر دادوه‌ر یان شێریف له‌ دادگا یان له‌كاتی گوێگرتن ئه‌نجام بده‌یت، له‌ به‌رانبه‌ر كۆمسیۆنه‌رێكدا ده‌یكه‌یت.

**قازانجی ڕێ و شوێنە تایبەتەکان**

لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆمیسیۆندا، کەسی تاوانبارکراو یان کەسی پێوەندار کە لە ڕەوتەکانی دادگا بۆ گوێگرتن لە کەیسەکانی منداڵان بەشدارە دەشێت لە ماوەی بەڕێوەچوونی ڕەوتەکاندا هەموو شتێك ببینێت و ببیسێت بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەمان ژوور نابێت کە تۆی لێدەبیت.

هەموو ڕەوتەکانی کۆمیسیۆن لەسەر ڤیدیۆ تۆمار دەکرێت و کاسێتەکان لەلایەن دادگاوە رادەگیردرێن. دواتر ئەم کاسێتانە لە ماوەی بەڕێوەچوونی دادگا یان گوێگرتندا پیشان دەدرێن و وەکو هەموو دەستاوێژێکی تر سەیر دەکرێت کە لەلایەن شایەتانی ترەوە ئاراستەی دادگا دەکرێن.

ئەگەر دەستاوێژەکەت لە کۆمیسیۆن تۆمار بکرێت، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی پێویست ناکات لە کەیسی دادگادا هیچ دەستاوێژێك رابگەیێنیت.

ئەگەر ئەو کەسەی داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت بە نیاز بێت کەڵك لەم ڕێ و شوێنە تایبەتە وەربگرێت، سەبارەت بەم بابەتە قسەت لەگەڵ دەکا و بۆشت روون دەکاتەوە واتای چییە و بە چ شێوەیەك بەڕێوە دەچێت.

# بیر و بۆچوونت

ئه‌گه‌ر ئه‌و كه‌سه‌ی كه داوای لێكردوویت وه‌كو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت له‌و بڕوایه دابێت كه له‌وانه‌یه وه‌كو شایه‌تێكی ژێرمه‌ترسی بناسرێیت، ئه‌و ڕێ و شوێنه تایبه‌ته‌كان و شێوه‌ی به‌ڕێوه‌چوونیانت بۆ روون ده‌كاته‌وه. ئه‌و له بیر و بۆچوونت ده‌پرسێت سه‌باره‌ت به‌وه‌ی كه ئایا له‌وانه‌یه هیچ كام له‌م ڕێ و شوێنه تایبه‌تانه یارمه‌تیت بده‌ن ده‌ستاوێژی خۆت رابگه‌یێنیت و خۆت پێت باشتره كه‌ڵك له كامه یان وه‌ربگریت. ئه‌و هه‌روه‌ها ئه‌و زانیاریه‌شت بۆ روون ده‌كاته‌وه كه ده‌خرێته ناو ئه‌و داواكارییه‌ی كه‌وا ئاراسته‌ی دادگا ده‌كرێت.

هه‌موو شایه‌تێكی ژێرمه‌ترسی نایه‌وێت كه‌ڵك له ڕێ و ره‌سمه تایبه‌ته‌كان وره‌بگرێت. ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر شایه‌تێكی ژێرمه‌ترسیش بیت، له‌وانه‌یه وات پێ باشتر بێت به‌بێ كه‌ڵك وه‌رگرتن له ڕێ و شوێنێكی تایبه‌ت ده‌ستاوێژی خۆت رابگه‌یێنیت. به‌ڵام، له هه‌ندێك حاڵه‌تدا، دادوه‌ر یان شێریف له‌وانه‌یه بڕیار بدات كه‌وا له به‌رژه‌وه‌ندی تۆدا ده‌بێت بۆ راگه‌یاندنی ده‌ستاوێژێك كه‌ڵك له ڕێ و شوێنێكی تایبه‌ت وه‌ربگریت.

پێویسته له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سه‌ی بانگهێشتیی دادگات ده‌كات سه‌باره‌ت به باروده‌خی تایبه‌تیت و بیر و بۆچوونت سه‌باره‌ت به كه‌یسی دادگا قسه بكه‌یت، له‌وانه به بڕوای خۆت كام ڕێ و شوێنێكی تایبه‌ت بۆت به قازانجتره.

**دادگا بیر و بۆچوونت به‌هه‌ند وه‌رده‌گرێت و سه‌یری هه‌موو ئه‌و زانیاریانه‌ش ده‌كات كه له داواكارینامه‌كه‌دا ده‌سته‌به‌ر ده‌كرێت پێش ئه‌وه‌ی بڕیار بدات كه ئایا رێگه بدات كه‌ڵك له ڕێ و شوێنی تایبه‌ت وه‌ربگیرێت یان نا و چ جۆره ڕێ و شوێنێكی تایبه‌ت له‌وانی تر بۆ باروده‌خه‌كه‌ت گونجاوتره.**

ئه‌گه‌ر بارودۆخه‌که‌ت بگۆڕدرێت، یان بیری خۆت سه‌باره‌ت به به قازانجترین ڕێ و شوێنی تایبه‌ت بگۆڕیت، پێویسته ئه‌و که‌سه ئاگادار بکه‌یته‌وه که داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت. ئه‌و باسی ئه‌وه‌ت بۆ ده‌کات چ ڕێ و شوێنێکی گونجاوی تر هه‌یه و ئایا داواکارییه‌ك ئاراسته‌ی دادگا ده‌کرێت یان نا.

له هه‌موو حاڵه‌تێکدا، دادگا ده‌توانێ چاو به‌سه‌ر ئاماده‌کارییان بخشێنێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستاوێژی خۆت رابگه‌یێنیت. ئه‌مه‌ش به‌و واتایه‌یه که دوای ئه‌وه‌ی ده‌ستت به ڕاگه‌یاندنی ده‌ستاوێژی خۆت کرد، دادگا ده‌توانێ سه‌یری ئه‌وه بکات که ئایا ڕێگه‌ت پێ بدات که‌ڵك له ڕێ و شوێنێکی تایبه‌ت وه‌ربگریت یانیش ده‌توانێ ئه‌و ڕێ و شوێنه تایبه‌ته بگۆڕێ که که‌ڵکی لێوه‌رده‌گری.

دادگا زیاتر له حاڵه‌تیکدا ئه‌م کاره ده‌کا که له‌و بڕوایه‌دا نه‌بێت ئاستی ژێرمه‌ترسی بوونت کاریگه‌ریه‌کی خراپی له‌سه‌ر ئه‌و ده‌ستاوێژه نابێت که به دادگای راده‌گه‌یێنیت.

له‌پاش خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م کتێبۆکه‌یه، له‌وانه‌یه بیرۆکه‌یه‌کت سه‌باره‌ت به‌و ڕێ و شوێنه تایبه‌ته وه‌رگرتبێت که زۆرترین قازانجی لێوه‌رده‌گریت، له‌وانه‌شه بۆ ئه‌وه‌ی بتوانی له‌م باره‌یه‌وه بڕیار بده‌یت سه‌ردانی هۆڵی دادگا یان ژوورێکی پێوه‌ندیی ته‌له‌فزیۆنی بکه‌یت ئه‌گه‌ر به نیازیت که‌ڵك له‌م ڕێ و شوێنه تایبه‌ته وه‌ربگریت. هه‌روه‌ها ده‌توانی سه‌یری وێنه‌کانی هۆڵی دادگاش بکه‌یت که له ناو سی دییه‌ك دانراون بۆ ئه‌وه‌ی بزانیت هه‌رکام له ڕێ و شوێنه تایبه‌ته‌کان به چ شێوه‌یه‌ك به‌ڕێوه ده‌چن.

**گرنگه ئه‌وه‌ت له‌بیر بێت که دادگا هه‌رچه‌نده به‌رژه‌وه‌ندیی تۆ وه‌کو شایه‌تێك له‌به‌رچاو ده‌گرێت به‌ڵام هاوکات پێویسته به‌رژه‌وه‌ندیی دادوه‌ریش له‌به‌رچاو بگرێت و لێی روون بێت کاره‌کانی دادگا یان گوێگرتن به‌شێوه‌یه‌کی عادڵانه به‌ڕێوه ده‌چن.**

# تێبینییەکانی خۆت

**ئه م به ڵگه نامه یه  به شێوه ی تۆماری ده نگ، چاپی پیتی گه وره  و زمانه کانی تریش ده سته به ر کراوه  و ده کرێت داوا بکردرێت. تکایه  پێوه ندی بکه  به** 0131 244 2213.

Scottish Government


© **ماف له چاپدانه وه ی شاهانه** 2006

**ئه م به ڵگه نامه یه  له رێگه ی ماڵپه ری حکوومه تی سکۆتله ندوه ش ده ست ده که وێت:**
www.scotland.gov.uk

Astron (Kurdish) B44303 04/06

**کۆپیی زیاتری ئه م به ڵگه نامه یه  له م ناونیشانه  ده ست ده که وێت**
Blackwell's Bookshop
53 South Bridge
Edinburgh
EH1 1YS

**داواکردن به ته له فۆن و پرسیار**
0131 622 8283 **یان** 0131 622 8258

**داواکردن له رێگه ی فاکس**
0131 557 8149

**داواکردن له رێگه ی ئیمێل**
business.edinburgh@blackwell.co.uk

www.scotland.gov.uk